# دنیای منداڵان

۱۳۱

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

بانەمەڕی ۱۳۹۲ مەی ۲۰۱۳












# دنیای منداڵان

**گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا**

سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دیزاینەر: مینا سوڵتانزادە

هاوکاران: هانا وریا، ئازاد عەباسیان، کاوە ئاهەنگەری، نێعمەت مەلا



**پەیوەندی:**

www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan

mndalanikurd@yahoo.com

www.Kurdistanukurd.com

Tel: ٠٧٧٠٥١٦٤٥٣٥



# وتەی ئەمجارەمان



هاوڕێیانی ئازیزی دنیای منداڵان ئەوکاتەتان باش

هەر وەک دەزانن هەموو ساڵێ ١١ی مەی واتە ٢١ی بانەمەڕ ڕۆژی جیهانی دایکانەو لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یادی ئەو ڕۆژ دەکەنەوە.

لە کوردستانیش وەک زۆربەی وڵاتان یادی ڕۆژی دایک دەکرێتەوەو هەرکەس بە جۆرێک ڕێز لە دایکی دەگرێ.

دایک خوڵقێنەرە، واتە ژیان دەبەخشێ، دایک میهرەبانترین‌و دڵسۆزترین مرۆڤی سەر ڕووی زەوییە، هەر چەند زۆربەی شاعیران‌و نووسەران و مرۆڤە گەورەو داهێنەرەکان لە وەسفەو خۆشەویستی دایک دا زۆر شێعرو وتەی بە نرخیان گوتوە بەڵام دیسان ناگاتە گەورەیی‌و عەزەمەتی دایک.

ئەدی ئێوە لەو ڕۆژدا چۆن ڕێز لە ئەرکو ماندووبوونی دایکتان دەگرن؟

حەتمەن دەزانن کە هەر یەک لەئێوە بە ئەرکو ماندووبونی زۆری دایکی گەورە بووەو بە قۆناغەی ئێستا گەیشتوون.

لەوانەیە بە پێدانی لقە گوڵێک، یان دیارییەکی دیکە لەو ڕۆژەدا بتوانن دایکتان دڵخۆش بکەن، بەڵام گەورەترین دیاری ئێوە ڕێز گرتن لە دایکتان، گوێڕایەڵی‌و بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانتان‌و سەرکەوتنتان لە قوتابخانەیە.

من خۆم دایکم، بۆیە وادەڵێم...

سەرنووسەر

# ڕێکوپێکی لە ژیاندا ئەرکێکی گرنگە

سامڕەند لە قوتابخانە بە سامی ناسرا بوو. کوڕێکی هەتا بڵێی خوێنشیرنو لەگەڵ هاوڕێکانی رووخۆش بوو. هەموو خۆشیان دەویست و حەزیان لێبوو لەگەڵ سامی یاری بکەن و زۆرجاریش بۆ پێداچوونەوە بە دەرسو تەکلیفەکانیان دەچوونە لای سامی لەبەر ئەوەی لەگەڵ هەموان ڕەفتاری باش بوو، زۆریش پاکو خاوێن بوو. هەمیشە بە هاوڕێکانی دەگوت ئەگەر هەرشتێکتان خوارد پاشماوەی زبڵوزاڵەکەی بخەنە نێو سەتڵی زبڵەوە. ئەگەر هاوڕێیەکی دیتبایە زبڵێک یان نایلۆنێکیان فڕێ بدایەتە سەر زەوی، بە زمانێکی خۆش پێی دەگوت: ئەوە ژینگەی ئێمەیەو نابێ پیسی بکەین، ئەرکی هەموومانە خاوێنی ڕابگرین. سامی بەم ڕەفتارانەی وای کردبوو مامۆستاکانیش خۆشیان بوێ.

بەڵام سامی سەرەڕای ئەو هەموو تایبەتمەندییە باشانە کە هەیبوو، یەک عادەتی خراپی هەبوو. لە ماڵەوە کەلوپەلەکانی ڕێکوپێک و لەجێی خۆی دانەدەنا. بۆیە زۆر جار شتی لێ ون دەبوو. هەرچی دایکی پێی دەگوت سامی گیان بۆوەی ئەگەر پێویستت بە شتێکت هەبوو زوو بیبینەوە، کەلوپەلەکانت بە ڕێکوپێکی دابنێ و هەرشتەی لە شوێنی خۆی بێ! بەڵام سامی گوێی بەم قسانە نەدەدا.

ڕۆژێکیان منداڵان لە بەردەرگای ماڵی سامی یارییان دەکرد، سامی بە نارەحەتی دانیشتبوو و چاوی لێدەکردن. هاوڕێکانی کە دیتیان سامی بە دڵتەنگی دانیشتوە، چوونە لای و گوتیان چ بووە، بۆ نارەحەتی؟ سامی گوتی «پی.ئێس. پی»یەکەم نەماوە نازانم چی لێ هاتوە! ژیاری هاوڕێی وتی من دەزانم لێیان هەڵگرتووی! پێت بڵێم کێ؟ دایکی سامی گوێی لەم قسانە بوو خێرا گوتی نا، لێیان هەڵنەگرتوە، نایبینێتەوە! بەڵام سامی باوەڕی بە ژیار کردو گوتی ڕاست دەکەی هەڵیان گرتوە، بۆیە نایبینمەوە! دایکی سامی گوتی هیچیەک لە هاوڕێکانی تۆ ئەو کارە ناکەن، هەر ئەوانیش دێن بۆ لای تۆ. برۆ ژوورەکەت باش بگەڕێ دەیبینییەوە. سامی گوتی: «نەخێر نایبینمەوە







هەمووی گەڕاوم، لێیان هەڵگرتووم، ئەگەر بزانم کێ لێی هەڵگرتووم! دایکی گوتی ئەگەر دیتەوە دەڵێی چی؟

رۆژێکیان دایکی سامی خەریکی پاکو خاوێنی ماڵ بوو، دیتی پێ. ئێس، پێیەکەی سامی لە شوێنێکی سەیرە! بانگی کرد گوتی سامی پێ. ئێس. پێیەکەتم دیتۆتەوە، بەڵام بەمەرجێک پێت دەدەمەوە کە قەولم بدەیەی ئەوجار کەلوپەلەکانت بە ڕیکوپێکیو لە شوێنی دیاریکراو دابنێی بۆئەوەی لێت ون نەبنو کەسیش تاوانبار نەکەی.

سامی قەولی بە دایکیدا کە بەقسەی بکاو لەمەودوا هەرشتەی لە جێی خۆی دابنێ.

**هانا وریا**




مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ

شێخ محەمەدی خاڵ ساڵی ١٩٠٤ی زایینی لە شار سلێمانیو لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەورەر لە دایک بووە. هێشتا منداڵ بووە کە باوکی لە دەست داوە، هەربۆیەش لای بابەگەورەی دەبێو باپیری ئەرکی گەورەکردنی ئەوی گرتۆتە ئەستۆ.

مامۆستا محەممەدی خاڵ دەرسی ئایینی لەلای باپیری خوێندوەو دواتر لەلای چەند مامۆستای ئایینیی دیکە درێژەی بە خویندن داوە. ئەو دوای تەواو بوونی دەرسەکەی لە ساڵی ١٩٣١ ڕا تا ١٩٣٨ کاری مامۆستایەتی کردوەو دەرس گوتۆتەوە.

مامۆستا محەممەدی خاڵ ساڵی ١٩٣٩ بە هۆی زیرەکیو لێهاتوویی بۆتە قازیی شاری هەڵەبجە.

مامۆستا خاڵ ماوەی ٢٨ ساڵ وەک دادوەر خزمەتی بە کۆمەڵگاکەی کردوەو لەو ماوەیەدا لە قازیی چەند شاری دیکەی وەکوو چەمچەماڵ، سلێمانی، کەرکوکو موسڵ بووە.

مامۆستا محەممەدی خاڵ ساڵی ١٩٥٣ بۆتە ئەندامی کۆڕی زانیاریی عێراقو ساڵی ١٩٧٢ وەک جێگری کۆڕی زانیاری عێراق هەڵبژێردراوە.

شێخ محەمەدی خاڵ نووسەرێکی زۆر بە تواناو لێهاتوو بووەو زۆربەی کاتەکانی خەریکی نووسینو خوێندنەوە بووە.

یەکەم وتاری مامۆستا خاڵ ساڵی ١٩٤٠ لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوبۆتەوە.

شێخ محەمەد لە دوای خۆی ٤٠ کتێبی بە یادگار بەجێهێشتوە کە زیاتر بابەتەکانی مێژوویی، زانستی، زمانەوانی لە خۆدەگرنو گرنگترین بەرهەمی مامۆستا خاڵ، کتێبی فەرهەنگی خاڵە.

مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٥ کۆچی دوایی کردوە.

**ئامادەکردنی: شیلان قوربانیفەر**



# باوەش

بەیانی دەستی نازت
بە سۆز و گەرم و ئارام
بە سەرما دەکشی دایە
کاتی کە من لە خەودام

هەڵم ئەسێنی هێواش
لە خەو دەرم دەهێنی
بە پێکەنینی شیرین
بە خۆشی رام ئەژێنی

دەڵێی کە کاتی فێرگە
نزیکە زووبە رابە
ئامادە بەو بە ڕێ بە
کورپەی هەژیر و چابە

دەشۆم دەس و دەم وچاو
بە خۆشیی تۆوە دایە
ئەڕۆم کە فێرگە وەک تۆ
باوەشی ئاوەڵایە

سۆران حوسێنی
لە ویبلاگی نیان بداغی وەرگیراوە

## ڕێحانه

ڕێحانه، سەوزەیەکی بۆنخۆشی وڵاتی هیندوستانه. درێژی باڵای ئەم ڕووەکە زۆر جار دەگاتە ٦٠ سانتیمەتر.
ڕێحانه دوو جۆرن، جۆرێکیان گەڵاکانی سەوزن و جۆرەکەی دیکەیان ڕەنگی گەڵاکانی بنەوش (مۆر)ە.
ئەم ڕووەکە لە زۆر وڵاتان سرووشتی خۆڕسکە و لە هێندێک وڵاتی دیکە دەچێنرێت. تا ئێستا مرۆڤ هیچ زیانێکی لە خواردنی ئەم ڕووەکە نەکردووە.

**سوودەکانی ڕێحانه**

* بەهێزکردنی مێشک و ووزەبەخش
* باشتر هەرسکردنی خۆراک و کردنەوەی ئیشتیای خواردن لە سوودەکانی دیکەیەتی.
* دژی شێرپەنجەیە.
*کەمکردنەوەی ئەو نەخۆشییانەی کە تووشی گەدە دەبنو کەمکردنەوەی شێداریی گەدە.
*کەمکردنەوەی سەرگێژەو دڵ تێکەڵ هاتن و کۆخە.
*هەروەها ڕێحانه لە درووستکردنی ئەو دەرمانانەدا بە کار دێ کە بۆ چارەسەکردنی نەخۆشیی کۆکە ڕەشە دروست دەکرێن.
* کەم کردنەوەی کێشەکانی هەناسە دان، بۆیە باشتر وایە ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشیی تەنگەنەفەسی دەبن زیاتر بەکاری بهێنن.
* ئەگەر بێتوو گەڵای ئەم ڕووەکە بکوڵێنرێ، ئەوە دەرمانێکی باشە بۆ کەمکردنەوەی سەر ئێشە و میگرێنو، بۆ



نەهێشتنی تا (یاو)یش بەکاردێ.
* تۆوی ئەم ڕووەکە بۆ کەم کردنەوەی دڵ تێکەڵ هاتن بەکاردێ، وەکوو دەرمانێک بۆ هەڵئاوسانی گورچیلەش بەکاردێن.
* جووتنی گەڵای ئەم ڕووەکە سوودبەخشە بۆ نەهێشتنی برینەکانی نێو دەم.
* دەتوانرێت ئەم ڕووەکە بۆ نەهێشتنی سکچوونیش بەکاربهێنرێ.
مێشوولەکان لە بۆنی ئەو گوڵە دوور دەکەونەوە بۆیە ناشتنی ئەم ڕووەکە لەباخچەکاندا سوودبەخشە.
خواردنی ١٠٠ گرام ڕێحانه دەبێتە هۆی دابینکردنی ڤیتامین A, C, K هەروەها پۆتاسیۆم و مەگنسیۆم ئاسن و کالسیۆم هێندێک ماددەی تری پێویستی لەش.

**ئامادە کردنی: هانا وریا**

ڕێکەوتی ٢٠١٣/٤/١٨ لە شاری کۆیە بە بەشداریی زیاتر لە ٦٠ قوتابخانە کێبڕکێی ساڵانەی وەرزشیی بەڕێوەچوو، «قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتیش یەکێک بوو لەو بەشداربووانەو لە بەشی ڕۆیشتنی ڕێژەدا پلەی سێهەمی بەدەست هێناو. هەروەها لە بەشە جۆراوجۆرەکانی دیکەی وەرزشی‌دا ٢ کاپیان بە دەست هێناوە.





# «مێرولەیەکی تەمبەڵ»

لە شارە مێروولەیەکدا کە هەزاران مێرووی تێدا دەژیا، مێرووەکان زۆر بە سەختی کاریان دەکردو تەواوی رۆژیان بەکار کردن بە سەر دەبرد بۆ ئەوەی خواردن بۆ رۆژی تەنگانە پاشکەوت بکەن. ڕۆژی تەنگانەش ئەو ڕۆژانەیە کە سەرماو زستان بەر دەرکت پێ دەگرێو بەفرو باران نایەڵی سەر وەدەرنێی.

لەو شارە مێرووییەدا مێروویەکی گەنج دەژیا. ئەو مێرویەکی تا بڵێی تەمبەڵو تەوەزەل بوو. بەدرێژایی رۆژ دەخەوت یان لە گەڵ ئاژەڵە وردەکانی دیکە یاری دەکرد.

ئەو بە مێرووە سەرقاڵەکانی دیکەی دەگوت کە: بۆچی ئەوەندە خۆتان ماندوو دەکەن؟ وەرن ئێوەش کایەمان لەگەڵ بکەنو با کاتێکی خۆش بەرینە سەر.

بەڵام مێرووکان دەیان گوت: ئێمە دەبێ کار بکەیێن بۆ ئەوی بتوانین خواردن بۆ ڕۆژە سەختەکانی داهاتوو پاشکەوت بکەین.

مێرووەکان کاریان دەکردو زیاتریان خواردن کۆ دەکردوە، بەڵام مێرووە تەمبەڵەکە هیچ گوێی نەدەدا بە کارو لە خەمی هیچدا نەبوو. کارو پیشەی ئەو یاری کردن بوو. چەند مانگێک تێپەری. ئەو ڕۆژە ساردو تووشانەش هاتن کە مێرووەکان کاریان بۆ دەکرد. لە ماڵی مێرووە تەمبەڵەکەدا هەموو شتێک ژێر ئاو کەوتو هیچ خواردنێکی نەما. ئەو زۆری برسی بوو، گوتی با بچمە لای هاوڕێکانم بزانم هیچ خواردنم پێ دەدەن؟

مێرووەکە ڕۆیو لەدرگای ماڵی مێرووەکانی دیکەی داو داوای خواردنی لی کردن. هاورێکانی درگایان لێ کردەوەو خولقی ژووریێیان کردو خواردنیان بۆ دانا.

ئەو تەواو شەرمەزار و پەشیمان بوو. هەر بۆیە گوتی زۆر سپاس دراوسێ باشەکانم ئەگەر ئێو نەبایەن من زیندوو نەدەمام.

ئێتر مێرووەکە بڕیاریدا لەوە بەدوا تەمبەڵی بنێتە لاوەو لە بیری ڕۆژانی تەنگانەش دابێ.

بەڵی منالە ئازیزەکان، ئێمە لەم چیرۆکە ئەوە فێر دەبین کە هەمیشە گورجو ئازا بین. پەندێکیش هەیە لەو بارەوە بیستووتانە؟ کە دەڵێ:

«پاشەکەوتەی ئەورۆت هەڵگرە بۆ پێویستیی سبەینێت»

**و: لە ئینگلیزیەوە: بێژان مەعروفی**



# جیژنی کۆتایی خوێندنی باخچەی ساوایانی هەرمۆتە





# سەیرانی بنەماڵەی کیسەڵەکان

هەبوو نەبوو، سەردەمانی زوو بنەماڵەیەکی کیسەڵ هەبوون. ئەو بنەماڵەیە لە دایکە کیسەڵو باوکە کیسەڵو بێچووە کیسەڵێک پێکهاتبوو. ڕۆژێکیان بنەماڵەی کیسەڵەکان بڕیاریان دا بچن بۆ سەیرانو ئاوو هەوایەک بگۆڕن. ئەوە بوو کە شوێنێکیان دیاری کردو کەل و پەلەکانیان ئامادە کردو کەوتنە ڕێ. ئەوان دوای حەوتوویەک گەیشتنە شوێنی مەبەست.

دوای ئەوەی گەیشتنە شوێنی سەیرانەکەیان دەستیان کرد بە کردنەوەی کەلو پەلەکانیانو، خواردەمەنی و شتومەکەکانیان دەرهێنا. لە ناکاو دایکی کیسەڵەکە بیری کەوتەوە ئەو شتەیان لەبیرچووە کە سەری قوتوەکانی پێدەکەنەوە. هەر بۆیە دەبوا یەکێک لە کیسەڵەکان بگەڕاباوە ماڵێ بۆ هێنانی، هەر بۆیە دایکو باوکەکە بە کوڕەکەیان گووت وا باشترە تۆ بچیو بیهێنیو بگەڕێیەوە لامان. بێچووە کیسەڵەکە پێی خۆش نەبوو، بەڵام دواتر بڕیاری دا بچێ بەو مەرجەی کە بەڵێنی ئەوەی پێ بدەن تا دێتەوە هیچ نەخۆن، ئەوانیش بەڵێنیان پێدا. ئیدی ئەویش بەرەو ماڵێ کەوتە رێ.

سێ ڕۆژ تێپەڕی. کیسەڵەکان زۆریان برسی بوو، هەر بۆیە دایکە کیسەڵ بە باوکە کیسەڵی گوت پێت چۆنە شتێک بخۆین؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی نا ئێمە بەڵێنمان داوەو دەبێ لە سەر بەڵێنەکەمان سوور بین.

نزیک بە سێ حەوتوو تێپەڕیو بەچکە کیسەڵەکە لە هیچ شوێنێک دیار نەبوو. دایک و باوکی زۆر نیگەران بوونو لە هەمان کاتدا زۆر برسی، هەر بۆیە بڕیاریان دا کەمێک میوە بخۆن. هەر کە دەستیان برد بۆ میوەکان، بێچوە کیسەڵەکە لە پشت گژو گیاکە هاتە دەرێو گوتی مەگەر ئێوە بەڵێنتان بە من نەدا کەتا من دێمەوەدەم بۆ هیچ نەبەن؟ کەواتە کاری باشم کرد کە تا ئێستا خۆم مات کردبوو بۆوەی بزانم بەڵێنەکەتان دەبەنە سەر، یان نا!!

**وەرگێڕان لەفارسییەوە: بانە عەزیزی**







# داری کۆخ

داری کۆخ لە کۆن بۆ یەکەم جار لە وڵاتی چین ڕوواوە. ئەو دارە لەوێڕا ڕیشەکەی بۆ وڵاتانی دیکەش گوازراوەتەوە.
سەردەمانی زوو دارکۆخ وەک دەرمانو چارەسەری بۆ هێندێک نەخۆشی کەڵکی لێوەرگیراوە.
داری کۆخ هەتا ٥ میتر بەرز دەبێو پێش ئەوەی گەڵا بکا، چرۆ دەردەکاو چرۆکانی سووروو سپیو ڕەنگ پەمەیین.
کۆخ سەرچاوەی ویتامینA وویتامین C و هەروەها پۆتانسیومەو بە هاسانی هەزم دەبێ.
میوەی کۆخ بەهۆی پڕئاوییەوە بۆ نەمانی تینوێتی کەڵکی لێوەرگیراوەو بۆ نەهێشتنی بۆنی ناخۆشی دەمو زاریش زۆر بە کەڵکە.
هەروەها ڕۆنی دەنکەکەی بۆ نەهێشتنی ئازارو گیرانی گوێ بەکار دێ.
باشتر وایە کۆخ بە پێستەوە بخورێ، چونکە پێستەکەی ویتامین A ی تێدایە.
منداڵە خۆشەویستەکان کەوایە خواردنی کۆخ زۆر قازانجەو ئێوەش بەردەوام بن لە خواردنی.

**ئامادەکردنی: مینا**

# چەند قسەیەک لەگەڵ قوتابییەکان

ئەو کاتەتان باش منداڵە جوانەکان!

ئازیزانم! هەروەک بۆخۆشتان ئاگادارن کاتی تاقی کردنەوەکانی کۆتایی ساڵە تاقیکارییەکان دەرەنجامی نیزیک بە ٩ مانگ زەحمەتو ماندوو بوونی ئێوە هەوڵو هاوکاریی دایکو باوکتانە کە لەو ماوەیەدا زەحمەتیان لەگەڵ کێشاونو پێداویستییەکانی قوتابخانەیان بۆ دابین کردوون. بە تایبەت ئەوەی کە لە ماڵەوە فەزای ئارامیان بۆ پێک هێناون تا دەرسەکانتان بە باشی بخوێنن.

هەروەکوو گوتمان تاقی کردنەوە، واتە کاتی چنینەوەی بەرهەمی ساڵێک خوێندنی ئێوە، کەواتە پێویستە لەوماوەیەدا خۆتان لە هەندێک شتی لاوەکیو سەرگەرمی ڕۆژانە بە دورر بگرنو بەرنامەیەکی باش بۆ خوێندنی دەرسەکانتان دابنێن.

ئەگەر کورتو پوخت لەو بارەوە قسە بکەین، دەبێ بڵێین لەو ماوەیەدا ڕەچاوی ئەو خاڵانەی خوارەوە بکەن:

- وەلا نانی کۆمپیتێر، پلێستێشێن. پی ئێس پی.........هتد.
- خۆ بواردن لە چوونە دەرەوە، یان چوونە پاریگا وەرزشیەکان.
- خۆبواردن لە بینینی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، چونکی ئەو بەرنامانە لە کاتی ئیمتحانەکاندا کاتێکی زۆرتان لێ دەکوژێ.
- خۆ بواردن لە چوونە سەیرانو سەفەر، یا چوونە نیو مەجلیسی میوانو گەورەکان لەو ماوەیەدا.

خۆ ئەگەر ئەو چەند خاڵەی سەرەوە بە باشی ڕەچاو بکەنو ئامۆژگارییەکانی دایکو باوکو مامۆستاکانتان بۆ خوێندن لە گوێ بگرن، بە دڵنیاییەوە ئاکامی باشی لێ وەردەگرن.

منداڵە ئازیزەکان من دەزانم کە ئێوە لە کاتی خوێندندا زۆر ماندوو دەبنو پێویستتان بە پشووداننو هەوای ئازادو خواردنی باشو تەندرووست هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ئەو چەند ڕینماییە وەرگرن:

- دانانی پلانی باش بۆ خوێندنو دابەش کردنی کاتەکان بە ڕۆژو بە شەو.
- لە کاتی دەرس خوێندندا پێویستە قەڵەمو کاغەزتان لەبەر دەست دابێ بۆ یادداشت کردنی هێندێ بابەتی گرینگو تایبەتی نێو کتێبەکەتان.



- پێویستە لە کاتی دەرس خویندندا بەیناو بەینێ پشوویەک بدەنو هەوای ئازاد هەڵمژن. ئەوەیش بۆ ئەوەیە کە مێشکتان بحەسێتەوەو توانای وەرگرتنی شتی تازەو زیاترتان هەبێ.
- خواردنو خواردنەوەی باش لەو کاتانەدا زۆر پێویستە بە تایبەت خواردنی گوێز، بادام، هەروەها خواردنەوەی چای، قاوە، شەربەتو میوەی تازە.

منالە ئازیزەکان بە هیوای سەرکەوتنتان لە تاقیکردنەوەکان.

**گەلاوێژ پەیرەوان**

# ئەوەی بوختان بکا ئاشکرا دەبێ

ڕۆژێکیان کوێخای گوندێک لە لایان حاکمی شارەوە بانگهێشت کرابوو. ئەوان بۆ ئەوە کۆبوونەوە تا پێکە دانیشنو قسان بکەنو خواردنێکیش پێکەوە بخۆن.

کوێخای گوندەکە پیاوێکی زۆر ساویلکەبوو. دار و دەستەی حاکمی شار میواندارییەکی زۆر جوانو ڕێکو پێکیان لە کوێخای گوندەکە کرد. خواردنێکی باشیان بۆ ساز کردو چەند کاتژمێرێک پێکەوە دانیشتنو باس باسی جارانو گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان بوو.

منداڵە ئازیزەکان!

ئەم میوانداریە هەر بۆ ئەوە بوو کە ڕێزێک لە کوێخای گوندەکە بگیردرێ بۆ ئەوەی کە دڵگەرم بێو هەست بە بێ کەسی نەکا. میوانداریەک بوو زۆر ئاسایی.

لەم ماوەدا خواردنێکی باشیان دایەو چاک چاک بە دەوریدا هاتنو دوایە بەرەو گوندەکەی بەڕێیان کرد.

کوێخای گوندەکە کاتێک کە گەڕایەوە بۆ گوندەکەی، هەموو بە خێسەوە چاویان لێ دەکردو پێیان ناخۆش بوو. جا بۆیە خەڵکی ئاوایی بڕیاریان دا کە پیلانێک بگێڕن بۆ ئەوەی لەکوێخایەتی بخەن.

ئەوە بوو کە هەموو لێیان لە قاو داو گووتیان کە کوێخای گوندەکەمان چووە بۆ شاریو لە شوێنێک میوان بووە و وا قەرارە کە بۆ یەکجاری ڕوو بکاتە ماڵی حاکمی شارو نەگەڕێتەوە. واشیان باس کردبوو کە گۆیا حاکمی شاری ئەو پێشنیارەی بە کوێخای گوندەکەمان داوا.

بەڵام دوای چەند ڕۆژێک دەرکەوت کە ئەمانە هەموو درۆ بوونو کەس هەوڵێکی ئاوای نەداوە.

جا منداڵە ئازیزەکان!

لەم ماوەدا کەس زەرەری نەکرد جیا لەوانەی کە ئەو بوختانەیان ساز کردبوو. پاشانیش دەرکەوت کە هۆکاری ساز کردنی ئەو بوختانە هەر بۆ ئەوە بووە کە حاکمی شار جار و بار باسی ئەو گوندە بکا بۆ ئەوەی کە ناویان بێتە نێو ناوان.

کەواتە هەموو زانیمان کە بوختان کردن شتێکی ناشیرین و زۆر خراپە.

**ئازاد عەباسیان**



# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

کاوە ئاهەنگەری

## وانەی شازدەیەم

یەخچاڵ یان بەشی راگرتنی
میوە و سەوزە و خواردەمەنی
Refrigerator





فریزێر یا بەشی سەهۆڵ
Freezer

پارچی ئاوی گڵی
Jug



کۆنسێرو
Can




شیشەی سەردار
Jar





کۆنسێرو هەڵپچڕ
Can opener

مایکرۆفێر
Microwave





نان گەرم کەرەوە یان نان بریشتەکەر
Toaster

# ئاواتی منداڵان



من ناوم کانی هەیکەلیە تەمەنم ١٠ ساڵە ئاواتم ئەوەیە لە داهاتوودا ببمە دکتور بۆ خزمەت کردن بە خەڵکی کوردستان.



من ناوم شکار دەرویشییە پۆلی دووهەمی بنەڕەتیم تەمەنم ٨ ساڵە گەورەترین ئاواتم ئەوەیە ببمە ئەندازیارو خزمەت بە گەلەکەم بکەم.



من ناوم تەلار دەرویشییە تەمەنم ١٢ ساڵە پۆلی شەشەمی سەرەتاییمو گەورەترین ئاواتم ئەوەیە ببم بە بیژەرێکی سەرکەوتوو.



من ناوم ئەوین یوسفی یە تەمەنم ١١ ساڵە، لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەرس دەخوێنمو گەورەترین ئاواتم ئەوەیە ببم بە ئەندازیار.
مرۆڤی زانا دەزانێ کە دەبی لە هەرکەسێکەوە شتێک فێربێت.

# چیرۆکەکانی دایە گەورە

**دار هەنار**

عادەتەو گرتوومە، شەوانە دایەگەورەم حەقایەتم بۆ نەگێڕێتەوە، خەوم لێ ناکەوێ.

ئەمشەویش وەکوو شەوەکانی پێشوو بەر لە خەوتن چاوەڕوان بووم دایە گەورە بێتە لام. دایەگەورەش بە کۆشێک هەنارەوە هاتە ژوورێو لە پەنام دانیشت.

خەریکی هەنارخواردن بووین کە دایە گەورە دەستی کرد بە گێڕانەوەی حەقایەتەکەی.

دەگێڕنەوە لە دێر زەمانا، کاتێک هێشتا سەیارەو فرۆکە لەگۆڕێدا نەبوون، منداڵێکی چاوڕەشی ژیکەلانەو ئاقڵ هەبوو.

ئەو منداڵە ناوی ناسر بوو. ناسر دارو گوڵی زۆر خۆش دەویستو هەمیشە گوڵەکانی باخچەکەی خۆیانی ئاو دەداو ئاگای لێیان بوو.

جارێکیان ناسر بە بابی گوت کە دەیەوێ دارێکیش لە حەوشەی خۆیانو لە پەنا گوڵەکان بچەقێنێ. بابی ناسریش بە بزەوە پێی وت کورە جوانەکەم دار نابێ، دەبێ نەمامێکی بچووک بنێژیو ئاگات لێی بێ تاکوو گەورە دەبێ.

ناسریش کە نەیدەزانی دار لەسەرەتاوە نەمامەو بەر لەگەورە بوونی بچووکەو بە پێڕاگەیشتن گەورە دەبێ، لە بابی پرسی جا چۆن دەبێ؟ من دارم دەوێ نەمامم بۆ چیە!

باوکیشی بۆی شی کردەوە کە نەمام چۆن گەورە دەبێو دەبێ بە دارێکی بە هێز و بەتوانا.

بابی ناسر بۆی باس کرد کە دەبێ ئاگای لە نەمامەکەی بێ تاکوو بە باشی گەورە بێو نابێ بهێڵێ نەخۆش کەوێ یان لقەکانی بشکێ.

ناسریش بەڵێنی دا کە ئاگای لە نەمامەکە بێو لەسەر بەڵێنەکەی خۆشی سوور بوو. ئاخر ناسریش بێتوو قەولی بە کەسێک دابا، جێبەجێی دەکردو هەمیشە قەولی ڕاستی بە هاوڕێکانی دەداو قەولەکەشی دەبردە سەر.

ڕۆژەکان دەهاتن و تێپەڕ دەبوون و ناسر هەموو ڕۆژێ ئاگای لە دارەکەی دەبوو. ئاوی دەدا، دەورو بەری دارەکەی خاوێن ڕادەگرت. بەهار هات و تێپەڕ بوو، وەرزی گەرمی هاوین هات، بەڵام ناسر هەر ئاگای لەدارەکەی دەبوو.

پائیز هات و بوو بە زستان. زستان تەواو بوو، ئینجا بەهار هاتەوە. بەیانییەک کە ناسر لە خەو هەستاو لە حەوزەکەی ماڵی خۆیان خەریکی شوردنی دەستو دموو چاوی بوو،



دیتی دارەکەی پشکووتووە و یەک دوو گوڵی جوانی دەر داوە. زۆری پێ خۆش بوو لە خۆشیان هەڵدەبەزی. خێرا چوو بانگی دایکو بابی کرد و ئەوانیش هاتن و دیتیانو زۆریان پێ خۆش بوو.

دایکی گوتی ئەوە بۆیە گوڵی کردوە چوون چاکت ئاگا لێی بووە. بابیشی گوتی دیتت پێم گوتی ئەگەر جوانت ئاگا لێی بێ زوو گەورێ دەبێ.

ناسریش ئێستا گەورە بووە، هەمیشە ئاگای لە دارەکەی خۆیەتیو ئێستا ئەو نەمامە بچووکەی بۆخۆی بە دەستەکانی چاند بووی، گەورە بووە و بۆتە دارێکی سەوز و گەورە و ئێستاش هەناری جوان جوانی پێوەیە.

**نێعمەت مەلا**



# دنیای منداڵان بە بۆنەی یادی لە دایکبوونی ئەو پەپوولانە پیرۆزباییان پێ دەڵێ






سارا ئیسماعیلی ١٣٩٢/٢/٦



پشتیوان رەحمەتی ١٣٩٢/٢/٣



سۆزین سەیدای ١٣٩٢/٢/٤



ناریان دێمە ١٣٩٢/١/١٨



پێشەوا رەحمەتی ١٣٩٢/٢/١٢



پەریا رەسووڵپوور ١٣٩٢/٢/٩

# وڵاتەکەمان بناسین

## ورمێ

شاری ورمێ یەکێک لە شارە سەرسەوزو خۆشەکانی کوردستانە. ئەو شارە زیاتر بەوە دەناسرێ کە گۆلی ورمێی تێدا هەڵکەوتوە، گۆلێک کە ئێستا بە داخەوە ئاوەکەی لە کەمی داوەو مەترسیی ویشکبوونی لەسەرە.

شاری ورمێ لە باکوورەوە لەگەڵ شاری سەلْماس، لە باشوورەوە لەگەڵ شنۆ، لە رۆژهەلاتەوە لەگەڵ تەورێز دروانسێیەو لە رۆژئاواوە لەگەڵ ولاتی تورکیە هاوسنوورە.

ئەم شارە بەهۆی هەبوونی ئاوو هەوای خۆشو دیمەنیی جوان بە یەکێک لە شارە گەشتیاری‌یەکانی کوردستان دادەنرێ.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی‌یەکانی شاری ورمێ پێکهاتەی دانیشتووانی ئەو شارەیە. شاری ورمێ لە چەند نەتەوەی کورد، ئازەری، ئەرمەنیو ئاشووری پێک دێو هەریەکێک لەو نەتەوانە خاوەنی زمان و کلتورو ئایینو دابوونەریتی تایبەت بە خۆیانن.

شاری ورمێ لە سەردەمی کۆنەوە بە جوانی، گۆلی ئاوی سوێر، باخەکانی سێوو ترێ، کێوەکانی بەرزو فێنکی وەک کێوی دالانپەرو بۆزی سیناو شوێنەواری کۆنی وەک قەڵای دمدمو چەندین کلیسای بەناوبانگ ناسراوە.



شاری ورمێ شوێنی لە دایک بوونی سەرکردەکانی شەهید ئەمیرخانی لەپرزێرینو سمایل ئاغای شکاک و عبدولرەحمانی قاسملوویە.

ئامادە کردنی: ئەشکان



کیان خانزادی



نارین کەنکاش



هەردی قەلەرەشی



هیوا وریا



خەڵات شێخە



سارم قەویپەنجە



ئاراس رەنجبەری



مەتین مەمەندی



# وێنەکانتان لە دنیای منداڵاندا







| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| رۆنیا لوتفوڵڵاهی | رۆنیا محەممەد | رێژنە محەممەد | سارەنگ هێمن | سارەنگ ئاتەش بەهار |







| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| محەممەد شامرادی | هیجران عەزیز | یارا سەلام | بەهەشت عەلی | ئەوین فەرزین |


دنیای مندالان
Children World
ئارتین ئاهەنگەری